# هەڵبژاردەیەك لەشانۆی شیعری لای شکسپیر

جەمال ئەحمەد جەمیل

زۆجار کەلەئەدەبیاتی شانۆییدا باس لە (ولیەم شکسپیر) دەکرێت ڕاستەوخۆ شیعرمان بەرگوێ دەکەوێت، بەکارهێنانیشیعریش لەئەدەبیاتی شکسپیردا دودیوی گرنگی هەیە،یەکەمیان شیعریەتی زمانە، کەدیمەن وچیرۆك وکارەکتەرەکانی پێدەناسرێتەوە، دوەمیان داڕشتنی دیالۆگ و ڕستەکانە بەشیعر، بەشێوازێك شیعر لەئەدەبیاتی ئینگلیزی کلاسیکدا پەیوەندیەکی توندو تۆڵی بەولیەم شکسپیرەوە هەیە،شکسپیر ئەو نوسەرە سەرڕوتاوەی لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی ژیاندا گەیاندە ئاستێکی باڵاو تا ئەمڕۆش ئەم نوسەرە وەك ناسنامەیەکی دیاری ئەدەبی ئینگلیزی دەناسرێت.

ڕەنگە چانسی خوێندنەوەو نوسین لەسەر ئەم نوسەرە لەزۆرێك لەنوسەرانی تر زیاتر بێت، بەشێوازێك ئاستی ناوبانگی گەیشتوەتە ئاستێك کەزمان و میلەت نیە لەدونیادا بەرهەمی ئەم نوسەرەی بۆوەرنەگێڕابێت، بێگومان ئەمەش



شكسپیری وەك شاعیرێك، وەك نوسەرێك، وەك پێغەمبەرێك ناساندوە.

تەنانەت لەئەدەبی كوردیشدا پێم وایە هیچ نوسەرێكی جیهان نیە هێندەی شكسپیر بەرهەمی بۆ زمانی كوردی وەرگێڕابێت، تەنانەت نوسەرانی ڕوسیش، چونكە بەحوكمی خوێندن ساڵانێكی زۆر چەندین خوێندكاری كورد ئەدەبیاتیان لەیەكێتی سۆڤیەت تەواوكردو بەمەش بەرهەمێكی زۆر لە ئەدەبی ڕوسی لەهەشتاكانی سەدەی ڕابوردودا لەلایەن ئەو كەسانەوە وەرگێڕان بۆ سەرزمانی كوردی، بەمەشەوە تێكستەكانی شكسپیر لەلایەن چەندین وەرگێڕەوە لەزمانی یەكەمەوە یان دوەم وەرگێڕان بۆ زمانی كوردی، بێگومان ئەمەش ڕۆڵێكی زۆری بینی بۆناساندنی ئەم نوسەرە بەخوێنەری كورد، ئەمەجگەلەوەی زۆرێك لەشانۆكاران بەرهەمی ئەم نوسەرەیان لەشارەكانی كوردستان خستە سەرتەختەی شانۆ، هەمو ئەمانە هانمان ئەدات بۆقسەكردن لەسەر ئەم شاعیرو نوسەرە گەورەیەی ئەدەبیاتی جیهانی.

یەكێك لەو كتێبانەش كە كۆكراوەی چەند تێكستێكی (شكسپیر) بون سەرنجی ڕاكێشام، هەرچەندە ئەم كتێبە پێنج ساڵ لەمەوبەر لەلایەن (دەزگای باڵای گشتی كتێب) لەوڵاتی میسر چاپكراوە، بەڵام بەدوای خۆیدا چەندین نوسین و سەرنجی ڕەخنەگرانی بەدوای خۆیدا هێنا بەتایبەتیش لەسایتە ئەلكترۆنیەكانی شانۆدا، بەدەرلەمەش ئەم كتێبە خاڵی نیە لە هەندێ ڕەخنەو سەرنج كەدواتر دێینە سەری.

هەڵبژاردەیەك لەشانۆی شیعری لای شكسپیركتێبێكی قەبارە مامناوەندیەو لە دوتوێی (250) لاپەڕەیداو لە بەرگێك و نەخشەسازیەكی زۆر سەرنجڕاكێشدا چاپكراوە و لەچوارچێوەی پرۆژەی (كتێبخانەی خێزان)و پرۆژەی خوێندنەوە بۆ هەمواندا یە كە پرۆژەیەكی ڕۆشنبیری بەرفراوانە لە میسر لەپێناو گەڕاندنەوەی ئەرزش وبایەخ بۆ كتێب لەسەردەمی تەكنەلۆژیاو چاخی خێرایدا،ئەم پرۆژەیەش لەلایەن (سۆزان موبارەك) ەوە سەرپەرشتی دەكرێت و لەماوەی حەوت ساڵی ڕابوردودا (1700ناونیشان بەتیراژی 30ملوێن دانە) بێگومان ئەم پرۆژەیە گرنگیەكی زۆرە بۆ نرخ و بایەخدان بەكتێب كەئەم كتێبەش یەكێكە لە (1700كتێبە)..

ئەم كتێبە چەند دەقێكی زۆردیاری شكسپیری لەخۆگرتوە بەتایبەتی ئەو دەقانەی كە ڕەهەندێكی مێژوییان هەیە و جێگەی سەرنجو تێڕوانینی ڕەخنەگران بون، ئەمە جگەلەوەی وەك لەوتەی پرۆژەكەشدا هاتوە كە ئەم دەقانە ڕەگێكی زۆربەهێزی سۆسیۆلۆژیانەی هەیەو ئەمەش بۆ قۆناغی ئەمڕۆی ژیان شتێكە مایەی بایەخ پێدان و گرنگیە...

ئەودەقانەش كە لەم كتێبەدا هاتون بریتین لە:
(هاملێت، ئۆتێللۆ،ڕۆمیۆوژولێت،شالیر،بازرگانی ڤینیسیا،خەونی نیوەشەوێكی هاوین،یۆلیۆس قەیسەر،هنری هەشتەم، ریتشاردی دووەم)،گەرسەیری ئەم دەقانەی نوسەربكەین هەمو ئەودەقانەن كەزیاتر لەلایەن ڕەخنەگران وهونەرمەندانەوە ئیشیان لەسەركراوەو مایەی هەڵوێستە لەسەركردن بون،بەتایبەتیش زۆرێك لەم دەقانەلەلایەنی كۆمەڵایەتیەوە چەندین خوێندنەوەی جیاوازو گرنگیان بۆكراوە،ئەمەش وادەكات كە ئەم كتێبە سەنگ و ئەهمیەتی خۆی زیاتر لەلای خوێنەر پەیدابكات..

ئەم تێكستانەش لەلایەن ئەم دەزگایەوە هەریەكەلەو دەقانە چەند دیمەنێكی سەرنج ڕاكێشی

ئەو دەقانە هەڵبژێراوە،بەتایبەتی ئەو دیمەنانەی کەکرۆکی دەقەکەن و شوێنی ململانێی نێوان هێزو ئاڕاستەی کارەکتەرەکانن، لەوانەش بۆنمونە : لەشانۆیی هاملێت هەرلەسەرەتاوە بەو ڕستە فەلسەفی و وجودیە دەست پێدەکات کە لەئەساسەوە لای شکسپیر لە چارەکی یەکەمی دەقەکەدایە کە هاملێت دەڵێت :

هەبم........

یان نەبم ؟ئەمەیە مەسەلەکە !!

لە شانۆیی (ئۆتیللۆ) شدا دیمەنی سەرەتاو دیمەنی پارێزگاری کردنی ئۆتیللۆ لەخۆی،دانراوە کە ترۆپکی ڕووداو ململانێکانی ئەو نمایشە شانۆییەیە، لە شالیریشدا چواردیمەنی هەڵبژاردوە کە دیمەنی:(ئەدۆند، دیمەنی دیالۆژی نێوان لێبوك و شالیر، دیمەنی گەردەلولەکە)..

تەنها ئەم سێ نمونەیەمان وەرگرت لەم کتێبە ئیدی هەوڵ ئەدەین بەکورتی ئێمە قسەی خۆمان لەسەری بکەین دیارە ئەم سێ شانۆییەو ئەوانی تریش ئەو دیمەنانەی کەهەڵبژێراون بۆ نمایشکردن ودانانی لەم کتێبەدا ئەتوانین بڵێین کورتەی دەقەکەیە، بەشێوازێك خوێنەرێکی ئاسایی کەمەبەست لێی هاندان و پشگیریکردنە لێی بۆ خوێندنەوە کارێکی باشە، بەڵام ئەمە دیوێکی شتەکەیە، لەبیرمان نەچێت دیوەکەی تریشی کوشتنی بیناو تەکنیك و زمان وکارەکتەری ئەو شانۆیەیە، خوێنەرێکی سادە کە دێت دەقەکەی هاملێت دەخوێنێتەوە بەو کورتکراوەیە نازانێت بۆچی ( هاملێت ) لەوبارودۆخە دەرونیە ئاڵۆزەدا بۆ باس لە (بون ونەبون ) دەکات، ئەمەیە ڕەخنەکانی من لەم کتێبە،ڕاستە دروشمی دەزگاکە (خوێندنەوە...بۆهەموان) ە بەڵام ئایا نەدەکرا لەبری نۆ تێکستی گەورە لە (250) لاپەڕەی یەك کتێبیدا هەردەقەی لەکتێبێکدابوایە؟؟

ئەبێت ئاماژەش بەوەبدەین ئەم تێکستانە لەلایەن وەرگێڕی بەتوانا (د.محەمەد عنانی )ەوە بۆزمانی عەرەبی وەرگێڕاوە، بەڵام نازانین ئایا تەنها ئەمەندە وەرگێڕاوە کەلەم کتێبەدا هەیە یان هەموو تێکستەکان وەرگێڕاون و ئەمە بەشەی لێهەڵبژێراوە، هەرچۆنێك بێت ئەم هەوڵە پرۆژەیەکی دڵخشکەرەبۆبرەو دان بەئاست و پرۆژەی خوێندنەوە لای تاکی کۆمەڵگە، کەدەکرێت ئەولایەنە پەروەردەیی و هۆشیاریەش لەیاد نەکەین.

لایەنێك زۆرجارباس دەکرێت ومایەی هەڵوێستەیە لەئەدەبیاتی شکسپیریدا ئەویش باسکردن لەپەیوەندی نێوان ( شیعرو زمان) ە لەدەقەکانی ئەم نوسەرەداقولاَییەکی گەورەی داگیرکردوە،کەباس لەزمانی شیعری و نوسینی شیعری دەقەکان دەکەین هەردوکیان لەوستراتیژەدا خۆیان دەبیننەوە کە شیعر هۆکارێکی بەهێزە بۆگوزارشتکردن لەڕوداوەکان لای شکسپیر، من وای بۆدەچم ئەم حاڵەتەش یەکێك بێت لەو حاڵەتە دیارانەی کەنەمری دەبەخشێت بەدەقی ئەم نوسەرە ڕەنگە لایەنی ترزۆربن بۆ بەخشینی نەمری لەوانە ڕەگی ئەفسانەیی،تەکنیکی گێڕانەوە،بونیادی کارەکتەر،بەڵام هیچیان وەك زمان نین، زمان لای ئەم نوسەرە شیعرە، شیعریش تاهەنوکە یەکێکە لەباڵاترین و دیارترین ئەو ڕەگەزە هونەریی وئەدەبیانەی تاهەنوکە توانیویەتی پارێزگاری لەبونی خۆی بکات و نەیەڵێت تێکەڵ بێت لەتەك ئەو زمانە سایدو باوەی کەوادەکات چێژی ئەدەبی کەم کاتەوە، لەهەموو ئەو دەقانەی لەم کتێبەدا هەیە کاتێك خوێنەر دەیخوێنێتەوە هەست بەوەدەکات لەبەردەم چامەیەکی درێدایەو ڕوداوی ئەو چامانەش هەمەجۆرو هەمە چەشن،بۆیە زۆرجار لەلایەن ڕەخنەگرانەوە شکسپیر وەك شاعیرێك دەناسرێت نەك چیرۆکنوس و شانۆنوس،ڕەنگە

ئەزمونی (سۆنێتەکانی شکسپیر) کە ئەزمونێکی دیاربن لەبواری نوسینی شیعردا، شکسپیر لەو شیعرانەدا بەزمانێکی باڵاو بە تەکنیکێکی زۆرمەزنەوە بەهەمان شێوەی شانۆنامەکانی دەتوانێت موعجیزەیەکی گەورە لە زماندا بخولقێنێت،ئەو موعجیزەیەش لەسەرجەم تێکستەکانیدا هەیە.

لەناو زمانی شیعریدا شکسپیر ئەفسانە دەخولقێنێ، ئەفسانەی پەیوەندی لە نێوان زمان و مێژووکە دەشتوانین بڵێین ئەو ئەفسانەیە ئاستێکی زۆر باڵای بەخشیوە بە قودرەتی زمان،زمان بۆخۆی یەکەیەکی فرەمینبەرە لەناو کۆمەڵێك حاڵەتی دیارکراودا،زۆرجاریش ئەو حاڵەتانە لەهەندێ دیمەنی تایبەتیدا وەدەردەکەون، ئەو دیمەنانەش زۆربەیان ئەو دیمەنی شانۆیانەن کە لەم دەقەدا هەڵبژێراون،لایەنێکی تریش پێویستە زمان توانای نوێبونەوەو گوزارشتکردنی هەبێت،چونکە هیچ زمانێك نیە بێ نوێبونەوەو گوزارشت بتوانێت نەمری بۆخۆی بەدەست بێنێت، زۆرجاری بۆپاڵشتی ئەم حاڵەتە زمانەوانیانە شکسپیر هەندێ ئەفسانەو حیکمەتی میللی هەڵبژاردوە کە کارەکتەرەکان دەتوانن زیاترو بەشێوەیەکی خێراتر لەسیاقێکی جیاوازتردا خۆیان دەرخەن، هەروەك ئەو دیالۆگانەی لەنێوان ( شالیرو لێبوك) ەکەدا دەخولقێت، کەلە لاپەڕە (88بۆ90) ی ئەم کتێبەیە، کاتێك (لێبوك) دەیەوێت بەحیکمەتەکانی چەندین ئامۆژگاری بەپێز پێشکەشی لیر بکات بەڵام سەرەتا لیر تێناگات تاوایلێدێت لێبوك بەچەندین حیکمەت وپەندی گەورە دەیەوێت لیر ئاگادارکاتەوە لەو دابەشکردنەی کۆمارەکەی بە شێوەیەکی هەڵە، بەڵام چ ئەو زمانە شیعری و دەوڵەمەندیەی لێبوك چ ئەو بەندە پڕمانایانەی ناتوانن باوەڕ بە شالیر بێنن لەو شتە پەشیمانی بکەنەوە کە سەرجەم ئەمارەتەکەی پێشکەش بە کچەکانی نەکات.

لەڕێی زمان و دەوڵەمەندی گوزارشتی کارەکتەرەکانەوە شکسپیر بەخوێنەر دەڵێت مەلیکەکان ئاوا لەکاتی مانەوەیان لەدەسەلات و پیربونیان توشی بێ ئەقڵی دەبن،بۆدەرخستنی ئەم حاڵەتە ناوخۆیەی کارەکتەرەکانیش شکسپیر تاکە هۆکارێك بەکاری هێنابێت شیعرو زمانی شیعریە، هەروەك لەهەموو ئەو چەند دیمەنانەشدا دەردەکەوێت کە لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە......